# ئافرۆدێت



کەژاڵ عەلی

لاوەندی من
بەر لەوەی بێیە بەردەمم
بەر لەوەی بەناو وەجاخی کازیوەدا
جڵەوی خۆر بگری و
تفاقی دڵی من بخەی.
وەك دڵبەرێکی دڵپەوەر
ئازایەتیت یەکلا کەوە،
سێبەرەکەت بکە بەقوفڵی هەتاوداو
قارەمانیت بێنە سەر ڕێم.
سەری هەموو کۆڵانەکانی عیشقم لێبێنەوە یەك
ڕووحم بکە بەهەزار پارچەی سڤارۆفسکییەوە.*

وەك بابایەکی باب مردە
بابان وێرانم کە بەخۆت
با ڕێ نەبەمەوە سەرخۆم جارێکی کە.

وەرە بەرامبەرم بەوە
وەك تیرهاوێژێکی عاشق،
لەجیاتی تیرێکی ژەهراوی؛
ماچێکی ئازادیم تێگرە
لەجێی جفرەیەکی خوێنین؛
مەسجێکی ئەویندارم لەگەڵ بگۆڕەوە.
لەبری خەیاڵێکی وێران؛
خەونێکی ئاوەدانم پێوە ببینە.
لەبری کڵاوەیەکی ئەتۆمی؛
کڵاڕۆژنەیەکی ئارامــ بەسەردا بکەوە.
لەبری پیلانێکی دڵڕەش؛
جڤاتێکی دڵبەخوێنم، بۆ ببەستە.
لەبری جەنجەرێکی ژەنگاوی؛
قەڵایەکی ئارام لە پشتم قایم کە.

وەك سەربازێكی هەڵاتوو
خۆت بخە پەنای ژنێتیم.
هەموو ئاماژەكانی مییەتیم بپشكنە.

دەست بخە سەر قووڵترین برینی مێژووم
دوایەمین كۆدی كچێنیم بدۆزەوە
ئاخرین خاڵی خەبات و بەرخۆدانم،
بكە بەهیوا و ئامانج.

با هێڵە گەرمەكانی تەماست،
بۆ پڕ كەم لە سروەی عیشق.

قۆڵە گۆشتنەكانی شەرگەت
بۆ ڕووت كەمەوە لە خەبات.

شاگەشكەت كەم بەهێشووی كچێنیم
هەموو سەركەوتنە سوورەكانمت،
پێ بدۆڕێنم.

وەرە
لەعاشقڤانێكی شۆرشگێرەوە
بمكەوە بەشۆرشڤانێكی عاشق
لەخاتووزینكی تەڤگەرەوە
بمكەوە بەتەڤگەرێكی خاتووزین.

لەمارشێكی توندڕەوەوە
بمكەوە بەمیلۆدێیەكی حەزین
بە گۆرانییەكی غەمگین.

بمبەوە بەهەشتەكانی لەگەڵ تۆ بوون
بمكەوە بەئەفرۆدێتەكەی خۆت،
بەنێفەرتیتییەكەی سەر تەختی ژنێتی.

تێبینی :
سڤارۆڤسكی: بەردێكی گرانبەهای هاوشێوەی ئەلماسەوهەر لەویش دەچێ

لەژمارە (47)ی گۆڤاری تەواردا بڵاو كراوەتەوە